**Kurdiyat**

Yıl/Sal/Year: 2023
Sayı/Hejmar/Issue: 7
*e-ISSN 2717-8315*
*DOI: 10.55118/kurdiyat.1228042*
*Rûpel/Sayfa Page: 45-58*

# ئەحمەدموختار جاف وەکوو شاعیرێکی ڕۆشنبیر و چیرۆکنووسێکی ڕیفۆرمخواز

**ئاوات حسن والی**

Awat Hassan WALI

## پوختە

ئەحمەدموختار جاف، کە سەردەمی ژیانی دەکەوێتە کۆتایی قۆناغی شیعری کلاسیکی لەئەدەبی کوردیدا و سەرەتای سەرهەڵدانی نوێبوونەوەی شیعری کوردی، بەرهەمە ئەدەبییەکانی چارەسەری دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگای لە هەناویدا هەڵگرتووە و نووسەر زۆر شارەزایانە بە (شیعر، چیرۆک) وەک دەروونناس و کۆمەڵناس و سیاسەتمەدار و عاشق، دەست دەخاتە سەر برینە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکەی و چارەسەرەکەشیان بۆ دیاریدەکات، بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو پەیامە فەلسەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری... لەبەهای هونەری بەرهەمە ئەدەبییەکانی کەم بکەنەوە، بەڵکو لەبەرزترین ئاستی هونەریدان و بەشارەزاییەکی تەواوی هونەرییەوە بەرهەمەکانی پێشکەشکردووە. ئەم توێژینەوەیە، لەچوار تەوەردا باسی پەیامەجیاوازەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەحمەدموختارکراوە،کە هەریەک لەو پەیامانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بابەت و زانستێکی سەربەخۆن، بەڵام ئەحمەدموختار لەبەرهەمە شیعرییەکانی و بەرهەمی ڕۆمان(مەسلەی ویژدان) بەوردی و شارەزاییانە ئەو چەمکانەی ڕوونکردۆتەوە. لەتەوەری یەکەمدا باسی ئەو ژیری و بیرمەندی و داناییەی ئەحمەدموختار دەکەین، کە لەبەرهەمەکانیدا ئاڕاستەی نەوەکانی کۆمەڵگای کوردی کردووە. هەروەها لە تەوەری دووەمدا باسی لایەنی نەتەوەیی و سیاسەتمەداری نووسەرمان کردووە و بەنموونەی بەرهەمەکانی ڕوونمانکردووەتەوە. لەتەوەری سێیەمدا بەنموونەی بەرهەمەکانی نوسەر، ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە،کە ئەحمەد موختار ئاستی ڕۆشنبیری سەبارەت بە بابەتە دەروونی و کۆمەڵناسییەکانی کۆمەڵگا چەند بەرزبووە و چۆن هەندێک جار وەک توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەرکەوتووە. لەکۆتا تەوەردا باسی قوڵبوونەوەی نوسەر لەبابەتی عەشق و خۆشەویستی و عارفیدا دەکەین.

**وشەسەرەکییەکان:** ئەحمەدموختار جاف، ڕۆشنبیر، چیرۆکنوس، پەیامی شیعری، ڕیفۆرم.

Cureya Nivîsarê/Makale Türü/Article Types: Nivîsara Lêkolînê/Araştırma Makalesi/Research Article
Dema Hatinê/Geliş Tarihi/Received: 01.01.2023
Dema Pejirandinê/Kabul Tarihi/Accepted/: 10.06.2023
Awat Wali, Lecturer, Department of Arabic Language, University of Halabja.
awat.wali@uoh.edu.iq
Orcid: 0000-0001-5442-1810

Atıf: Wali. A. (2023). “Ehmed Muxtar Caf wekû Şa‘îrêkî Roşinbîr û Çîroknûsêkî Rîformixwaz”, Kurdiyat, 7, 45-58.
Citation: Wali. A. (2023). “Ahmad Mukhtar Jaff as an Intellectual Poet and a Reformist Story Writer”, Kurdiyat, 7, 45-58.

## Ahmad Mukhtar Jaff as an Intellectual Poet and a Reformist Story Writer

**Abstract**

Although Ahmed Muhtar Caf lived a short life, he left a distinctive and valuable literary legacy to the Kurdish nation. The author, who produces works that point to the social, political and economic problems of the society, handles literature very skillfully in these contexts. The philosophical, psychological, economic and sociological content of his works does not diminish the value of his literary work, on the contrary, it enriches his works thematically and makes them interesting. Our research discusses the different content messages of Ahmed Muhtar's literature at four focal points; In today's life, each of these messages is an independent science and subject, but Ahmed Muhtar has used these terms gracefully and skillfully in his poems and novel. In the first focus, we are talking about this mind and wisdom directed by Ahmed Muhtar to the people of Kurdish society. In the second focus, we talked about his nationalism and political aspects with examples from his literary studies. In the third focus, we tried to understand and explain how Ahmed Muhtar was highly educated in psychosocial issues and how he appeared from time to time as a psychologist or sociologist with examples from his writings. Finally, we talked about his extensive interest and contacts in romanticism and mysticism.

**Keywords**: Ahmed Mukhtar Jaff, Intellectual poet, Storyteller, Poetic message, Reform.

## Bir Entelektüel Şair ve Reformist Öykü Yazarı Olarak Ahmed Muhtar Caf

**Özet**

Ahmed Muhtar Caf kısa bir hayat yaşamasına rağmen Kürt milletine farklı ve değerli bir edebiyat mirasını bıraktı. Toplumun sosyal, siyasi ve ekonomik sorunlarını imleyen eserler veren yazar, edebiyatı bu bağlamlarda çok ustaca ele alır. Eserlerinin felsefi, psikolojik, ekonomik ve sosyolojik içerikli olması onun edebiyat eserinin değerini azaltmaz, aksine eserlerini tematik olarak zenginleşitirir ve ilginç kılar. Araştırmamız, Ahmed Muhtar'ın edebiyatının farklı içerik mesajlarını dört odak noktasında tartışmaktadır; günümüz yaşamında bu mesajların her biri bağımsız bir bilim ve araştırma konusudur, ancak Ahmed Muhtar şiirlerinde ve romanında bu terimleri incelikle ve ustalıkla kullanmıştır. Birinci odak noktasında Ahmed Muhtar'ın Kürt toplumunun insanlarına yönelttiği bu akıl ve bilgelikten bahsettik. İkinci odakta, edebiyat çalışmalarından örneklerle onun milliyetçiliğini ve siyasi yönlerini ele aldık. Üçüncü odak noktasında, yazılarından örneklerle Ahmed Muhtar›ın psikososyal meseleler noktasında yüksek eğitimli olduğunu ve zaman zaman bir psikolog veya sosyolog olarak nasıl göründüğünü anlamaya çalıştık. Son olarak da onun romantizm ve mistisizme olan geniş ilgisi ve temaslarını inceledik.

**Anahtar Kelimeler**: Ahmet Muhtar Caf, Entelektüel şair, Öykü Yazarı, Poetik mesaj, Reform.

## پێشەکی

ڕۆشنبیر، لەسادەترین ناساندنی دا دەوترێت: کەسێکە لەهەموو شێک شارەزایی هەبێت و لەبابەتێکی دیاریکراویشدا قوڵبووبێتەوەو شارەزایی تەواوی هەبێت. ئەگەر چاوێک بەدیوانی شاعیرانی کورد و بەتایبەتی شاعیرانی قۆناغی کلاسیکدا،کە بەردی بناغەی ئەدەبی کوردییان داناوە بخشێنین و لێکۆڵینەوەی ورد لە بەرهەمی ئەو شاعیرانەدابکرێت، ئەوا دەتوانرێت ڕێسا و دەستوری ژیانی گشتیی کۆمەڵگا لە واتای بەرهەمەکانەوە دابرێژرێت وچارەسەری زۆربەی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و ئاینییەکان بدۆزرێتەوە، چونکە زانست و زانیاری ئەوان تەنها لەبواری ڕستە ڕێکخستن و وشە خستنەپاڵ یەکدا نەبووە، بەڵکوو بەهۆی دەقەشیعرییەکانیانەوە کۆمەڵێک پەیامی جیاوازیان گەیاندووە بە چینەکانی کۆمەڵگا، بەبێ ئەوەی ئەو مەبەستانە هیچ کاریگەرییەکی خراپیان کردبێتە سەر ئاستی هونەریی بەرهەمەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوێستەلەسەرکردن و گرنگپێدانە ئەوەیە،کە هەتا ئێستا لەگەڵ ئەوەی ساڵانە چەندین توێژینەوەی ئەدەبی ئەنجامدەدرێت، بەڵام وەک پێویست کار لەسەر پەیامە جیاوازەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لەئاستێکی قوڵدا نەکراوە و دەست بۆ لایەنە شاراوەکان کەمتر براوە، لەکاتێکدا بایەخ دەدرێت بە هەندێک لایەنی بەرهەمی نەتەوەکانی تر،کە ئەگەر ئەو هەوڵ و ماندوبوونە لەگەڵ بەرهەمی شاعیرانی کوردا بدرێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە گەنجینەیەکی گەورە و بەنرخی بواری ئەدەب و هونەرمان بۆ دروستدەبێت، کە هەموو کەرەستەیەکی پێویستی چالاکییە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەما ئەوەبوو، کە کۆمەڵێک پەیامی گرنگ و دانایی و ژیری لەبەرهەمی ئەحمەدموختار جافدا هەیە، کە نەک بۆ سەردەمی شاعیر، بەڵکوو بۆ سەردەمی ئەمڕۆش لەڕووی پەروەردەیی و سیاسی و نیشتیمان پەروەریی و دانایی و ئاینی...پەیامی گرنگ و پێویستن.

بۆ شیکاریکردنی دەقەکانی ئەحمەدموختار و بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەکەمان، ڕێبازی (شیکاریی وەسفیی)مان بەکارهێناوە. پێکهاتەی توێژینەوەکەشمان لەچوار تەوەردا باسی پەیامەجیاوازەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەحمەدموختارکراوە،کە هەریەک لەو پەیامانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بابەت و زانستێکی سەربەخۆن، بەڵام ئەحمەدموختار لەبەرهەمە شیعرییەکانی و بەرهەمی ڕۆمان(مەسەلەی ویژدان) بەوردی و شارەزاییانە ئەو چەمکانەی ڕوونکردۆتەوە. لەتەوەری یەکەمدا باسی ئەو ژیری و بیرمەندی و داناییەی ئەحمەدموختار دەکەین، کە لەبەرهەمەکانیدا ئاراستەی نەوەکانی کۆمەڵگای کوردی کردووە. هەروەها لە تەوەری دووەمدا باسی لایەنی نەتەوەیی و سیاسەتمەداری نوسەرمانکردووە و بەنمونەی بەرهەمەکانی ڕوونمانکردووەتەوە. لەتەوەری سێیەمدا بەنمونەی بەرهەمەکانی نوسەر، ئەوەمان ڕوونکردووەتەوە،کە ئەحمەد موختار ئاستی ڕۆشنبیری سەبارەت بە بابەتە دەروونی و کۆمەڵناسییەکانی کۆمەڵگا چەند بەرزبووە و چۆن هەندێک جار وەک توێژەری کۆمەڵایەتیی و دەروونی دەرکەوتووە! لەکۆتا تەوەردا باسی قووڵبوونەوەی نوسەر دەکەین لەبابەتی عەشق و خۆشەویستی و عارفیدا.

## پێشینەی توێژینەوە:

ئەحمەدموختار بەهۆی سەردەمی ژیانی و قۆناغە ئەدەبییەکەی و کاریگەریی شێوە و ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی و ناوبانگ و پێگەی ئەدەبی و ڕامیاری بنەماڵەکەی لەچەندین بۆنە و تۆماری مێژووی و ئەدەبیدا ناوی تۆمارکراوە و ئاماژە بەبەرهەمەکانی کراوە، بەڵام وەک توێژینەوەی زانستی:

مامۆستا سەردار گەردی لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری زانکۆی سلێمانی لەساڵی(٢٠٠١)، توێژینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی: لێکچواندن و ڕۆڵی لەدروستکردنی وێنەی هونەری لەشیعرەکانی (ئەحمەد موختار بەگی جاف)دا. لە ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر باسی هونەری ڕوونبێژی(لێکچواندن و جۆرەکانی لێکچواندن) و دروستکردنی وێنەی هونەری دەکات لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

مامۆستا سەعد فاروق، لەساڵی ١١٠٢ نامەی ماستەرەکەی چاپکردووە، بەناونیشانی: بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، کە هەر لەناونیشانەکەیدا دیارە نوسەر لەبارەی بنیاتی هونەری شیعرەکانەوە لێکۆڵینەروەکەی ئەنجامداوە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، بەڕیوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە، ١٢-٢٢/٨/٣١٠٢، دیداری تایبەت بە شاعیر ئەحمەدموختار جاف، ئەنجامداوە و دواتر بابەتەکانی دیدارەکە لە کتێبێکدا لەچاپدراوە. هەروەها لە (٦١٠٢/٢/٤) دیداری دووەمی ئەحمەدموختار ئەنجامدرا، بەڵام بابەتەکانی دیداری دووەم چاپنەکران و بڵاونەکرانەوە.

دکتۆر هێمن کەریم، نامەی ماستەرەکەی، کە لەساڵی(٠٢٠٢) بەشێوەی کتێب چاپکراوە، بەناونیشانی: (ڕوونبێژی لە شیعری ئەحمەد موختار جافدا) یە، هەروەها دوو توێژینەوەی تریشی هەیە، کە یەکەمیان بەناونیشانی: لێکدانەوەی هێماکانی چاو و پەیوەستەکانی لەشیعری حافز و ئەحمەد موختار جافدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)، کە لەدووەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتیی توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی (زمان ناسی و بووتیقا)، ٩-٠١/٦/٩١٠٢، زانکۆی کوردستان سنە پێشکەشکراوە. دووەمیان بەناونیشانی: درکەو خواستن، خستنە ڕووی واتا شاراوەکانی دەق بە نمونە دەقە شیعریەکانی ئەحمەد موختار جاف، لەژمارە ٥ ی گۆڤاری کورینامەی نێونەتەوەیی، لە نۆڤەمبەری ١٢٠٢ بڵاوکراوەتەوە.

کاروان عوسمان خەیات(ڕێبین)، کۆبەرهەمی ئەحمەد موختار جاف، لەساڵی ٩١٠٢ بڵاوکردۆتەوە.

ئەو نوسین و توێژینەوانەی پێشتر لەبارەی ئەحمەدموختار جاف، یان بەرهەمە ئەدەبییەکانییەوە بڵاوکراونەتەوە، زۆرربەیان لەڕووی مێژووییەوە هەوڵی ساغکردنەوە و لێکدانەوەی بەرهەمەکانیان کردووە و توێژینەوەکانیش یان تەنها لەبارەی بنیاتی هونەری و ڕوونبێژی لەدەقە شیعرییەکانی شاعیردا کراون، یان لایەنێکی دیاریکراو لە بەرهەمەکاندا، بۆنمونە: سیاسەت، نیشتمان پەروەری، خۆشەویستی...، یان لێکدانەوە بۆ دەقێکی دیاریکراوی شاعیر کراوە.

ئەم توێژینەوەی ئێمە وەک لە درێژەی توێژینەوەکەدا ڕووندەبێتەوە، کارێکی تەواو جیاوازە لەو کارانەی پێشتر. ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی بابەتیانە لەبارەی پەیامی ژیریی و دانایی و پەروەردەیی، ... ناوەرۆکی بەرهەمەکانەوەیە و بۆ هەریەکە لەو بابەتانەی ئاماژەی بۆکراوە لەتوێژینەوەکەدا، نمونە هێنراوەتەوە و لێکدانەوە بۆ دەقەکان کراوە. هەروەها بنەمای چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی، کە ئەحمەد موختار لەبەرهەمەکانیدا ڕوونیکردووەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوەیان بۆ کراوە و ڕوونکراونەتەوە.

## بەشی یەکەم: پەیامی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی لە شیعرەکانی ئەحمەدموختار جاف دا

ئەو سەردەمەی ئەحمەدموختاری تێدا ژیاوە، سەد ساڵ پێش ئێستایە، وە لەو سەردەمەشدا و لەناو پێشینانی گەلەکەماندا باوترین پێناسەی ڕۆشنبیر کە هەتا ئەمڕۆش بڵاوە، ئەوەیە کە دەوترێت: ڕۆشنبیر کەسێکە لە هەموو شتێک(بابەتێک) زیانیاری هەبێت و لەیەکێک لەبوارەکاندا زۆر قووڵبووبێتەوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەو ناساندنەی ڕۆشنبیر دەتوانین بڵێین: ئەم نووسەرەمان بەتەواوی مانا کەسێکی ڕۆشنبیربووە، چونکە لەزۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و سیاسیی و ئابووریی و دەروونیی و هونەریی(شیعر، چیرۆک)... شارەزاییەکی زۆرباشی هەبووە، ئەو شارەزاییەشی لەبەرهەمە ئەدەبییەکانیدا بەئاشکرا دەبینرێن، کە ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی ئەحمەدموختار لەزۆربەی شاعیرانی سەردەمیی خۆی جیادەکاتەوە و دەیکات بە نوسەرێکی تایبەت. ئەمە بەواتای ئەوە نییە، کە شاعیرانی تری نەتەوەکەمان ڕۆشنبیر نەبوون، یان لە ئاستی ئەوان کەمبکەینەوە، بەڵکوو کاری ئێمە توێژینەوەی زانستییە و پێویستە لەسەر بنەمای زانستی یان شیکاری بابەتیانە بڕیاربدەین، لەم لایەنەشەوە شاعیرانی تری نەتەوەکەمان لە بەرهەمەکانیاندا چەندین ئاماژەیان بۆکردووین کە چەندە شارەزان لە زانستە جیاوازەکان، کە هەندێک شاعیر هێندە لایەنێک یان بوارێک زاڵە بەسەر بەرهەمەکانیدا، ئەو لایەنە بووە

48

بە ناسنامەی بەرهەمەکانی. بۆنموونە نالی: بەرەوانبێژی و واتای قووڵ و شارەزایی زمانەوانی بەرهەمەکانی دەناسرێتەوە. هەروەها مەحوی بە واتای قووڵ و لایەنی ئاینی و تەصەوف، جاجی قادری کۆیی بە لایەنی نەتەوەیی. ئەحمەد موختار کە بابەتی ئەم توێژینەوەی ئێمەیە و درێژەپێدەری کاروانی شاعیرانی پێش خۆیەتی و لەوەدا جیاوازە لە شاعیرانی تر، کە لەڕێگەی شیعرەکانی و (ڕۆمانی مەسەلەی ویژدان)ەوە چەندین بیری فەلسەفی و دانایی و بنەمای پەروەردە و بناغەی ئابووری و چاکسازی کۆمەڵایەتی و... بەوردی ڕوونکردووەتەوە و زۆر شارەزایانە و بە وردەکارییەوە زانیارییەکانی گەیاندووە بە کۆمەڵگا، کە بەپێی نموونە ئەدەبییەکان ئەو لایەنانە ڕووندەکەینەوە:

**1-1/ بیری دانایی و فەلسەفی :** تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری شیعری کلاسیکی کوردی ئەوەیە، کە بەئاشکرا شارەزایی و لێهاتوویی شاعیرەکان بەهۆی پەیامە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی ناو بەرهەمەکانەوە دەردەکەوێت، ئەمەش لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکیتر جیاوازە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بیرکردنەوە و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریی شاعیرەکان هەموویان وەک یەک نەبوون، بێگومان بەرهەمەکانیش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئاستی خاوەنەکانیانن. ئەوەی تایبەتیشە بە شیعرەکانی (ئەحمەدموختار جاف)، «شیعرەکانی بە ئەنواعی خەیاڵاتی قووڵ و بیری ورد ڕازاندووەتەوە و بۆ دەرهێنانی گەوهەرەکانی فیکر و بیری پێویستە کەخوێنەوارەکانی،غەواسی بەحری شیعر و ئەدەبی بن» (ڕەفیق حیلمی،٢٠١٠: ٢٧)، واتە شیعرەکانی گەنجینەیەکی بەنرخی پەند و دانایی و زیرەکی تێدایە «شاعیر لەڕێگەی هەندێ دێرە شیعردا گەلێ پەند و ئامۆژگاری دەردەبڕێ کەدیسان ڕوویەکی فەلسەفیانەی وەرگرتووە کەزادەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەیە،یان بۆچوون و بیرکردنەوەی پێشینانە و ئەم بەشیعر دەری بریوە» (سەعد فاروق،٢٠١١: ٧٦). ئەگەر لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت، دەتوانرێت دەست بگەیەنرێت بە بەشێک لەسامانی ئەو گەنجینە شاراوەیە و بیرکردنەوە وردەکان و پەندەکان بکرێن بە هەوێنی چەندین بنەمایی گرنگی ژیان و کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵدەوات ئەوەندەی پێویست بێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لەبەرهەمەکانی شاعیردا، لەڕێگەی شیکردنەوە و خستنەڕووی نموونەکانەوە ئەم بابەتە بۆ خوێنەر ڕوونبکاتەوە. بۆنموونە شاعیر لەچەندین دێڕی شیعریدا، بەشێوازی جیاواز باسی چەرخی گەردوون و گۆڕانی بەردەوامی دەوری زەمانە دەکات، لەو ڕێگەیەشەوە چەند بۆچوونێکی فەلسەفی دەردەبڕێت، بۆنموونە لە دوو دێڕی شیعریدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە مرۆڤی عاقڵ و هۆشیار و ڕۆشنبیر و دڵسۆز، هەرگیز چاوی لەخۆشی ژیانی تایبەتی خۆی نییە و بەدوای بەرژەوەندی تایبەتیدا ناگەڕێت. بۆیە ئەو کەسانەی ڕاستگۆیانە وەک ئامانجی سەرەکیان شوێن زانست و زانیاری کەوتوون، بەزۆری کەسانێکن ،کە لەڕووی ئابووری و گوزەرانەوە لەچینە هەژارەکانی ناو کۆمەڵن و لەژیانی ناو کۆشک و تەلار و ڕابواردن دوورن، بەپێچەوانەشەوە دەبینین کەسانێک کە زۆربەی بنەما زانستیی وکۆمەڵایەتیی و ئاینی و تەنانەت ڕەوشتیش بایەخی ئەوتۆی نییە لەژیانی ڕۆژانەیاندا، ئەوانە باری گوزەران و دەستکەوتە مادییەکانیان ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەباشتربوون و زیادکردندایە:

ئەختەری ئینسانی ئەحمەق شەولەشەو ڕووناک ئەکەی ڕۆژی بەختی عاقڵان تاریک و هەم ئاوا ئەکەی

پێم بڵێ بۆچ ملی کەر پرلەتەوقی زەڕ ئەکەی عاقڵی بێچارە بۆچی دائیما ڕیسوا ئەکەی دیوان:٤٧١

هەر لەبارەی باسکردنی چەرخیی ڕۆژگار و ململانێی لەگەڵ ژیانیی زانا و دڵسۆزاندا بەردەوام دەبێت، کە ئەوە نەک هەر بۆ ڕۆژگار، بەڵکو لەڕاستیدا سروشتی هەموو کارێک وەهایە بەلای ئەو کەسانەدا دەڕوات، کەهەوڵی بەردەوامی بۆدەدەن و هەموو بەهایەکی گرنگی ژیانی خۆیانی بۆدەکەن بەقوربانی، نەک ئەوانەی شارەزان و باشتر لەکارەکان دەزانن، یان زیرەک و عاقڵ و دڵسۆزن، چونکە زاناکان و عاقڵەکان هەرگیز بنەما ڕەوشتی و ئاینی و مرۆڤایەتییەکانی خۆیان ناکەن بە قوربانی ڕووکاری شتەکان و بەدوای شتە تەواو تایبەتییەکاندا ڕاناکەن، دەیانەوێت لەڕێگەی کەسایەتی و زانستی خۆیانەوە شتەکان و دەستکەوتەکان بێن بۆلایان، نەک ئەمان ڕابکەن بەشوێن کۆمەڵێک شتی لاوەکی و کاتی، کە لەئامانجەسەرەکییەکەیان دووریاندەخاتەوە. واتە بەکورتی جیاوازی هەرە دیاری ئەو دوو گروپە ئەوەیەکە:

کەسانی زانا و دڵسۆز، هەرگیز بەشوێن دەستکەوتی بچووک و تایبەتی و ڕووکاری شتەکاندا ڕاناکەن، بەپێچەوانەوە خەڵکانێکیتر هەموو شتێک دەکەن بە قوربانی ئەو دەستکەوتانە.

ئامانجی سەرەکی کەسانی ڕۆشنبیر و زانا، چەسپاندنی ئەو یاسا وپرنسیپ و دۆزینەوە گرنگانەن، کە کاریگەریان لەسەر

هۆشیارکردنەوە و گەشەکردنی کۆمەڵگا بەگشتی هەیە.

عادەتی ئەم چەرخە وایە،ئەهلی دڵ غەمگین ئەکا　　　شاهەمیشە ماتە،پیادەی مەیلی جێی فەرزین ئەکا

ئەبلە وادایم لەعەیش و شادمانی و عیززەتا　　　ئەهلی عیرفان و کەماڵ ئێستاکە زاری و شین ئەکا

دوژمنە چەرخی فەلەک بۆ پیاوی ساحێب عەقڵ وهۆش　　　ڕووی کەرەم دایم لەهەرزەو شێت و بێ تەمکین ئەکا

دیوان:٨٥

بەشێوەیەکیی گشتی، دەتوانین چەند بیرێک- بنەمایەکیی فیکری دیاریبکەین، کە شاعیر لەڕێگەی باسکردنی سروشتیی ژیان و گۆڕانی دەوری ڕۆژگارەوە ئاماژەیان بۆدەکات:

١-١-١/ سروشتیی ژیان وەک هەموو کارێکی تر یاسایەکی تایبەتی بەخۆیی هەیە و بەپێی ئەو یاسایە کاردەکات و هیچ هەست و سۆز و دڵنەرمییەکی نییە لەدەرەوەی یاسا و ڕێکارەکانی خۆیی و دۆستی بەردەوامی کەس نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو کەسانەدا زۆرترین پەیوەندی هەیە، کە بەدڵ و بەگیان شوێنی دەکەون. بۆنموونە لەهەرسەردەمێکدا بێت و لەهەرشوێنێکدابێت، دیاردەکانی گەردوون و هۆکارەکان سەرکەوتن بە کەسانی بەهێز و لێزان دەبەخشن، بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی باشی و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و...بکەن، واتە لایەنی لاواز هەرچەندە باش و دڵسۆز و بەبەزەییش بێت، ئەوا لەبەرامبەر بەهێزدا هەلی سەرکەوتنی نییە. بە شێوەیەکی تریش سەیربکەین، دەبینین کۆشک و تەلار و ماڵ و سامان لای ئەوانە کۆدەبنەوە،کە بەردەوام بەشوێن بەدەستهێنانییەوەن و زۆربەی ژیانیی خۆیانیان بۆتەرخانکردووە، نەک لای کەسانی ڕۆشنبیر و زانا، کە زیاتر بایەخ بە شتەکانی ناخی مرۆڤ دەدەن و ئامانجیان چەسپاندنی ئەو بنەمایانەیە، کەژیانی کۆمەڵگا بەرەو باشتر دەبەن، وە چێژێکی دەروونی زۆر لەکارەکەی خۆیان دەبینن، بۆیە ئەگەر بەسادەیی سەیری ڕووکاریی شتەکان بکەین ئەوا ناهاوسەنگییەکی زۆر لەدابەشبوونی دەستکەوتی ماددییدا دەبینین لەنێوان تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتیدا، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارانەیە کە باسکران.



سەرەڕای ئەو نموونە شیعریانەی،کە ئاماژەمان بۆکردن، ئەحمەدموختار لەو چەند دێرەی خوارەوەشدا ئاماژەی فیکری دەربڕیوە:

زەمانە چونکە خۆی ئەسڵەن بەقای بۆ کەس نی یە تــاسەر　　　تەماشاکەن هەمیشە بۆ کەسانی بێوەفا چاکە

لەوەزعی چەرخی دونپەروەر مەبە عاجز تۆ ئەی(ئەحمەد)　　　کەچەند ڕۆژێ لەبۆ ئەشخاسی سپڵەو بێ حەیاچاکە

دیوان:١٢٤

یان دەڵێت:

شێری نەڕ ئێستە ئەسیری دەسی ڕێوی حیزە　　　ئیشی ئەم چەرخە تەماشاکە،چ کەچ ڕەفتارە

ملی کەر پڕ لەزەڕ و زیوە،ئەسپی نەژدی　　　لەڕولاواز و لەجەرکەوتووە وا زامارە　　　دیوان:٢٢١

***　　***　　***　　***

بەجارێ ئەمرۆ جاهیل غالبە،عاقڵ بووە مەغلوب　　　ڕەفیقان سانیشانم دەن قورێ تا بێم و بیــپێوم　　　دیوان:٨٦

١-١-٢/ بنەمایەکیتر دەردەبڕێت، ئەویش ئەوەیە،کە کاروکردەوەی خراپ هەرگیز تاسەر بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دەستەبەرناکەن، بەپێچەوانەوە کاری باشە و چاکەکردن ئەگەر بەردەوامی پێبدرێت، درەنگیش بێت ئامانجی خۆیی بەدەستدەهێنێت و خاوەنەکەی کاریگەرییەکانی دەبینێت، هەر بەهەمان شێوە هەموو شتەڕاستەکان، ئەگەر بەخێرای نەگەن بەئامانج و بەرهەمی ڕاستەوخۆیان نەبێت، ئەوە مانای وا نییە کە بنەمایەکی نادروستیان هەیە. بەواتایەکیتریش پیاوی ئازا و چاونەترس، لەڕووداوێکدا، یان لەشوێنێکدا بەفێڵێک شکستی پێبهێنن، بەهیچ شێوەیەک واتای ئەوە ناگەیەنێت،کە هەلی دووبارەی بۆ هەستانەوە و سەرکەووتن لەبەردەستدا نەبێت.

بۆنموونە(ئەحمەدموختار)باسی ئەوە دەکات کە چۆن(زۆراب)بەناڕەوا بوو بە بەرپرسی باجکۆکردنەوە و چەندە بە

نادادپەروەریی و ستەم و زۆرداریی مافی خەڵکی زەوتدەکرد، بەڵام سەرەنجام دزی و گەندەڵییەکانی ئاشکرا کران و لەکارەکەی دوورخرایەوە، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە زۆراب ئەفەندی ڕۆژێک دەرواتە دەرەوە و سەیری ئەو دەروودەشتە دەکات،کە پۆل پۆل خەڵک دانیشتوون و بەقاقا و پێکەنین و قسەی خۆش و ڕابواردنەوە خەریکی مەشروبخواردنن، بەڵام لەبەر ئەوەی کارەکەیان لە بنەڕەتدا هەڵەیە، هەر ئەوەندەی بەسە کە مەست و سەرخۆش ببن و ئاگایان لەڕەفتارەکانی خۆیان نەمێنێت، ئیتر خۆشی و پێکەنینیان دەبێت بەشەڕ و دەکەونە ویزەی یەکتری و سەر و دەست و قاچی یەکتری دەشکێنن و بریندار دەکەن(ئەحمەدموختار،٢٠١٠: ٣٧-٤٢).

هەروەها بۆ بەئەنجامگەیاندنی کارە ڕاست و باشەکانەوە، نابێت ڕێگای نادروست و نارەوا بەکاربهێنرێت، مرۆڤە چاکەخواز و دڵسۆزەکانیش نابێت بەهیچ بیانوویەک بۆ سەرکەوتنی کارەکانیان دەست لەگەڵ کەسانی خراپ و خیانەتکاردا تێکەڵبکەن، چونکە ئەوە وەک ئەو قسەیەی لێدێت، کە لە باوباپیرانمانەوە بەردەوام پێیان وتووینەتەوە کە: (هاوڕێیەتی مرۆڤی چاک وەک دانیشتن لەدوکانی بۆنفرۆش وایە،کە ئەگەر سودیشی بۆت نەبێت، ئەوا بۆنی خۆش دێت بەسەرتدا و ئاسودەیت. هاوڕێیەتی کەسانی خراپیش وەک ئەوە وایە کە لەپەنای ئاسنگەرێکدابیت، کە لەهەموو کاتێکدا ئەگەری هەیە پریشکێکی ئاگراوی بە جلەکانت بکەوێت).

مەکەن باوەڕ ئەی ڕەفیقان گەر ڕەقیب لوتفی لەحەقتان بێ
چلۆن چاکەی لەدەست دێ شەخسی پیس و سوفلەو عادی          دیوان:١٧٣

***          ***          ***          ***

نزیکیی پیاوی ئەحمەق باعیسی فەوتانی ئینسانە          هەتا عومرم ببێ قەت من ڕەفیقی پیاوی کەر ناکەم
کەمن بائیل بەخێرم خیلقەتەن(ئەحمەد) بەخۆڕیی          وەکو ئینسانی جاهیل مەیلی فیتنەو شۆڕو شەڕ ناکەم          دیوان:٩٢

***          ***          ***          ***

ئەی نەفام چۆن شێر ئەسیری پەنجەیی ڕێوی ئەبێ          شـــاهـــبازت دیوە تا ئەمڕۆ بەچـنــگـــــی بوومـــەوە          دیوان:١٥٧

١-١-٣/ بنەمایەکیتریی فەلسەفیی،کەشاعیر ئاماژەی بۆکردووە لەبەر هەمەکانیدا ئەوەیە، کە هیچ کارێک بەبێ هەوڵدان و ماندووبوون بەرهەمی نابێت و هەموو کارە گەورەکان و کاری باشە بە کۆمەڵێک کۆسپ و نارەحەتی دەورەدراون. کەسێک بیەوێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، پێویستە هەر لەسەرەتاوە ڕەچاوی ئەو ناخۆشی و ماندووبوونانە بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، چونکە ڕێگەی هیچ کارێکی مەزن بەفەرشی سور نەڕازاوەتەوە و گیانی لەخۆبووردوویی و هەوڵی بەردەوامیی دەوێت، هەندێک جاریش هەیە،کە هەندێک کەس بۆیان ڕێک دەکەوێت و لەسەر هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی تر دەخۆن و دادەنیشن و هیچ قەدری هەوڵەکانیشیان ناگرن:

گەر لەدەس جەوری ڕەقیبان من بناڵم حەق نییە          چونکە مەعلومە کەگوڵ بوو،دائیما خاری هەیە          دیوان:١٥٣

***          ***          ***

هەرچەندە لاشەکان وەک پەینی بەسام          کــــــەوتـبـــــوون لەژێر لـــقــی گوڵانــدا
کــــــەچـــی گـــوڵانی بێ هۆش و نـــەفـــام          تــەڕ و تـــازەبــــوون لــــەســـەر چــــڵاندا          دیوان:١٨٣

کۆمەڵێک خەڵک بەردەوام ئەنجامدانی کارەگەورەکانیان دەکەوێتە سەرشان، یان لەڕووی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە خۆیان دەیخەنە ئەستۆیی خۆیان، ئەوانە بە پلەی یەکەم زانایان و ڕۆشنبیران و خوێندەوارانن و دواتر شۆڕشگێران، چونکە ئەوان پێش هەموو کەس هەست بە مەترسییەکان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا دەکەن، بۆیە ئەرکەکە دەخەنە ئەستۆی خۆیان. پوختەی ئەم بۆچوونەش دەتوانین لەگفتوگۆی نێوان زۆراب و دەروێشەکەدا هەست پێبکەین، بەتایبەت کاتێک،کە دەروێشەکە دەڵێت: «ئایا منداڵێکی نەفام کە لەلەی لەگەڵدابێت؟ شتێکی خراپ بکات یا دەستی خۆی بسوتێنێ،خۆی مەسئولە یا لەلەکەی؟تەبیعی ئەگەر بیزانیایە ئاگر دەست ئەسوتێنێ،دەستی خۆی نەئەکرد بەئاگردا!کەوابوو کابرای لەلە مەسئولە»(ئەحمەدموختار، ٢٠١٠: ٤٣).

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین: ئەگەر تێڕامانێکی ورد بکرێت لەسەر بنەمای فەلسەفی و ژیریی بەرهەمەکانی ئەحمەدموختاردا، ئەوا چەندین بنەمامان دەستدەکەوێت، کەدەتوانرێت بۆ هۆشیارکردنەوەیی کۆمەڵگا و چاککردنی کاروبارەکانی ژیانیی ڕۆژانەی خەڵک و پەروەردەکردنی نەوەکانمان دەوری کاریگەر بگێڕن.

**١-٢/ ئەحمەد موختار نەتەوە دۆست و سیاسەتمەدار:** یەکێک لەو بابەتانەی کە هەوێنی گەلێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری کوردی بووە، بابەتی نیشتمانی و نەتەوایەتییە، چونکە کورد سەرەڕای ئەوەی نەتەوەیەکی گەورەی خاوەن زمان و خاکی خۆیەتی، بەڵام بەدرێژایی سەردەمەجیاوازەکان لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانی دەوروبەرەوە دەستدرێژی کراوەتە سەرخاکەکەی و مافی ئەوەیان پێڕەوانەبینیوە، کە خاوەن کیانێکی سیاسی سەربەخۆ بێت، ئەوەش وایکردووە ڕۆڵەکانی کورد بەردەوام سەنگەری بەرگری دروستبکەن بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان و خاکەکەیان. شاعیران و نوسەرانی کوردیش بەشێک لە بەرپرسیاری ئەو بەرگریکردنە و هاندانی خەڵک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان دەکەوێتە ئەستۆیان، بۆیە ئەوانیش لەڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیانەوە پەیامی تایبەتی خۆیانیان گەیاندووە. سەبارەت بە (ئەحمەدموختار)یش، «ئەحمەد موختار نیشتمانپەروەرێک بووە، بەڕاستی کوردایەتی کردووە. عەقڵی هێناوەتە ناو دڵ و دەروونی، بەشێکی زۆر لەشیعری تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی ڕزگاری کورد و کوردستان. سۆزی دەرونی ناوەوەی تێکەڵ بەهیوا و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە» (مارف خەزنەدار،٢٠١٠: ٤٨٠)، بابەتی نەتەوایەتی و نیشتمانی لای شاعیرانی تری کوردی لە پێش ئەحمەدموختار و دوای ئەویش دەبینرێت، بەڵام هەریەکەیان بەپێی کەسایەتی و سەردەمەکەیان گرنگی تایبەتی خۆیانیان هەیە. «ڕاستە بابەتی نیشتمانپەروەری دەمێک بوو لە چەند دێڕێکی خانی و چەند قەسیدەی حاجی قادری کۆییدا خۆی نواندبوو، بەڵام ئەحمەد موختار یەکێکە لەو شاعیرانەی لەپاش جەنگی یەکەمی جیهان بناغەی شیعری نیشتمانپەروەری و سیاسی کوردیان دامەزراند و شیعری کوردیان لەمەیدانی سەرژمێردا بەرەو ئەوەبرد کە زۆربەی بۆ نیشتمان و نیشتمانپەروەری تەرخان بکرێ»(عزەدین مستەفا، ١٩٨٦: ٣٣).

ئەحمەدموختار لە بابەتی نەتەوایەتی و نیشتمانیدا، تەنها هاوارناکات و دەردەدڵ دەرنابڕێت، بەڵکو هەندێکجار هۆکاری بارودۆخە سیاسییەکان دەخاتەڕوو، هەندێکجاریش نەخشەڕێگای تێکۆشان و ڕزگاربوون دەکێشێت، هەروەها سەرکۆنەی کەسانی خراپ و بێوەفا و بێباک بەرامبەر بە خاک و نەتەوەی خۆیان دەکات و لەبەرامبەردا هەست و بیرکردنەوەی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان. «نیشتمان لەمێشکی شاعیر بەپانتایی هەموو وڵاتی کوردەوارییە و شاعیر مەجنوناسا نیشتمانی لەیلا سفەتی خۆی خۆش ئەوێت»(وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ٢٠١٣: ٧٠). ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەحمەد موختار ناسیۆنالیزمێکی ڕاستەقینەیە و نەتەوە و نیشتمانی خۆی لە هەموو شتێک زیاتر خۆشدەوێت، تا ئەو ڕادەیەی کە وەک ڕابەرێکی نەتەوەیی لەخەمی هەموو نەتەوەکەیدا بێت خۆی دەنوێنێت.

لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کەسایەتی سیاسی و نەتەوایەتی ئەحمەدموختار بەپێی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەخەینەڕوو:

١-٢-١/ خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمان: بەسەیرکردنێکی خێرای شیعرەکانی شاعیر، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە شاعیر تا چ ئاستێک هۆگری نەتەوە و نیشتمانی خۆی بووە و خۆشەویستی بۆ نیشتمانەکەی لە چ ئاستێکدایە و چۆن بەها دەدات بە هەموو ئەو شتانەش کە مۆرکێکی نەتەوەکەی خۆیی پێوەیە، زۆرجاریش ناوی ناحەزان و خۆفرۆشەکان بەشێوەی سوک دەهێنێت. بۆنمونە: لەدەربڕینی خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتیمانەکەی و بایەخی شتەتایبەتییەکانیدا دەڵێت:

ئەگەر بێنێمەسەر خوودەی وەکو دنگ        دڵم کون کون بێ وەک ناوی بێژنگ

چلۆن ئەیدەم بەخورمای قاچ و قول ڕووت        قەدی بەرزی چنار و گوێز و هارژنگ        دیوان:٤٧

***        ***        ***

لابە توخوا نـــامەوێ دیـجـلـە و فـــورات و نیـلـی تۆ        من بە فرمێسک ئێستەکە تەشکیلی سەد سیروان ئەکەم

جەژنی قوربان ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئـــەکەن        بۆ وەتەن من ڕۆژی سەدجار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم
دیوان:٨٨

***        ***        ***

ڕۆڵەمردوونیم بزانن شیوەنی کوردانمە بێت و تەحلیلی بکەن دیجلەش قنگاوی وانمە دیوان» ٧٠١

لەزۆر شوێندا، لەبەرامبەر شارستانییەت و دەسەڵات و کلتوری دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەکە، بەگرنگیی و بایەخەوە باسی شتەتایبەتییەکانی نیشتمان و نەتەوەکەی دەکات، بەڕادەیەک تەنانەت شانازی بە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەکی ستەملێکراو و بێ قەوارەی سیاسی دەکات و ئامادەنییە بۆ هیچ پاساوێک و لەبەر هیچ بیانوویەک دژی خاک و نەتەوەی خۆی بوەستێتەوە، یان وازبهێنێت لە پشتیوانیکردنیان.

١-٢-٢/ ئەحمەدموختار وەک سیاسەتمەدارێک: وەک باسمانکرد شاعیر تەنها خۆشەویستیی خۆی بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی دەرنابڕێت و بیلاوێنێتەوە و وەسفی بکات، بەڵکو وەک سیاسەتمەدارێک لەو کات و شوێنانەی کەپێویست بێت ڕەخنە لەهەڵوێست و بارودۆخیشیان دەگرێت. ئەحمەدموختار لەژیانی تایبەتی خۆشیدا، چ وەک قائیمقامی هەڵەبجە، یان وەک یاریدەدەری حاکمیی سیاسیی و ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق(عەبدولکەریم حەمید، ٢٠٠٠: ٤٤)، ئەوانە هەمووی کاری سیاسی بوون کە کردوونی، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا خۆمان لەباسکردنی ژیانی تایبەتی لادەدەین و خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ دەقەکانی دەکەین، چونکە ئەوە بابەتێکی سەربەخۆیە و دایدەنێین بۆئەوەی لێکۆڵەرێکیتر بەوردی ئەو بابەتە باسبکات،کە لەچاپکردنی کۆبەرهەمی ئەحمەد موختار جافدا(کاروان عوسمان،٢٠١٩)، تاڕادەیەکی زۆر زۆربەی لایەنەجیاوازەکانی ژیانی تایبەتی ڕوونکراوەتەوە

بۆنمونە لەو دێرە شیعرانەی خوارەوەدا باسی بارودۆخیی نیشتمان و نەتەوەکەی دەکات:

بێکەس و بێ پشتیوانن ڕێگەمان دوورە وەرن حەیفە ئێوە وائەسیری دەستی چەند قەومی کەرن

بۆچی نازانن لەتوخمی کاوەیی ئاسنگەرن هــەڵــبــکــەن .... کــوردی ئەم ئـیـدارە لابەرن دیوان:٦٠١

*** *** ***

وەتەن فەرمووی بەخەندەی نازەوە هەروەک پەری وامە ئەما حەیفێ کەچەند ساڵــــە ئەسیری پەنجەیی دێوم

هەمیسان پێی وتم ئەوسا،مەکانی شەخسی عاقڵ بووم فەقەت چیبکەم ئەمە چەند مودەتە بێ ساحێب وخێوم دیوان:٦٨

ڕەخنە سیاسییەکانی شاعیر تەنها لەچوارچێوەی نەتەوەیەکدا نەبووە، بەڵکو ڕەخنەکان ئاراستەی سیاسەتی دەوروبەر و نێودەوڵەتیش دەکات، کە ئەوانە هەموو قسە و باسێکیان لەبارەی ئازادی و مافی مرۆڤەوە، درۆیەکی گەورەیە بۆ دەستەکەوتی تایبەتی و بەرژەوەندی خۆیان بەکاریدەهێنن، ئەگەر وا نەبێت، بۆچی بارۆخی کورد و کوردستان بەو شێوەیە دەبینن بەدەست داگیرکاران و زۆردارانەوە، کەچی هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نییە؟!

ئیسمی ویجدان و عەدالەت بێ موسەمایە و درۆ بۆ سیاسەت ئەم قسە کــەوتۆتــە سەر لێوانەوە

ڕاستە گەر ئیسمی عەدالەت بۆچی مناڵانی کورد وێڵ و سەرگەردان بسوڕێنۆ بەسەر کـێـوانـــەوە دیوان١٣٤

*** *** ***

خوێنی چاوی کوردەکانە بۆ وەتەن شیوەن ئەکەن بۆیە وا لێڵاو و سوورن تانجەرۆ و سیروانەکـەی

وەعدەیی دابوو کەدڵخۆشکا سەراسەر قەومی کورد حەیفی کرد وا زوو شکاندی وەعدەوو پەیمانەکەی دیوان:١٧١

١-٢-٣/ ئەحمەدموختاری نەتەوە پەرست(ناسیۆنالیزم): شاعیر هەندێکجار لەخۆشویستن و وەسفکردنی نیشتمان زیاتر دەردەچێت و وەک کەسێکی نەتەوە پەرست خۆی نمایشدەکات، کە ئامادەیە لەپێناو سەربەستی و بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا، واز لەهەموو پلە و دەستکەوتێکی تایبەتی بهێنێت و بەگەی هەموو ناخۆشییەک بگرێت. لەژیانی تایبەتی خۆشیدا بەکردەوە ئەوەی سەلماندووە، کاتێک ژیانی خۆش و خۆشگوزەرانی نێوان خێزانەکەی، کە لەوپەڕی ڕێز و دەسەڵات و ناوداریدا بوون لەناوچەکەدا وازلێدەهێنێت و ژیانی ئەشکەووت

هەڵدەبژێرێت لەگەڵ شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دژی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەوسەردەمە(عزەدین مستەفا، ١٩٨٦ :٢١)، ئەم هەست و سۆزەی شاعیر لەهەندێک لە شیعرەکانیدا دەبینرێت:

من کە کوردم حەز بە(بەرزی خاکی) کوردستان ئەکەم ئارەزووی دەوری تەرەققی حـــاکـــمـــی بـــابـــان ئەکەم

ناوەجاغە ئەو کەسەی خزمەت بکا بۆ غـــەیـــری خۆی تابەمردن شەرتە من هەر بـــەنـــدەیی خۆمـــــان ئـــەکەم دیوان:٨٨

*** *** ***

مەزهەب و دینی لەقەبرا لێی بپرسن وائەڵێت خاکی کوردستانە ئەحمەد مەزهەب و ئیمانەکەی دیوان:١٧٢

*** *** ***

داخی کوردی فەخرە ئـێـستە بۆ دڵی مـــن کـــافـــی یـــە بۆچ مەگەر شێتم خەیاڵی ڕوتبە و فەرمان ئـــەکـــــەم

کوردم و بۆ کوردی(ئەحمەد)سەعی ئەکەم تابەم زووە ئیتیحادی کوردی خۆمان و سـنــەو بۆکان ئەکەم دیوان:٨٨

یەکێک لە جوانترین شیعرە نەتەوایەتی و نیشتیمانییەکانی شاعیر،ئەو دەقە شیعرییەیە کە لە(١٩) دێڕە و باسی زۆر لایەنی نەتەوەیی دەکات و لەشێوەی خولیا و خۆزگەشدا گەشەکردنی داهاتووی دەخاتە ڕوو(عزەدین مستەفا، ١٩٨٦: ١٣٤-١٣٥).



## بەشی دووەم: بنەمای چاکسازی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە بەرهەمی ئەدەبی ئەحمەدموختاردا

**٢-١/ ئەحمەدموختاری دەروونناس و کۆمەڵناس:** بابەتی کۆمەڵایەتیی بەدرێژایی هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەدەب بەگشتیی و شیعر بەتایبەتی کەرەستەیەکی گرنگ بووە بۆ نوسەران و شاعیران. «شیعری کۆمەڵایەتی ئەو شیعرەیە،کە تێیدا شاعیر بەپێی توانا کۆمەڵێک کێشە و گرفتی ناو کۆمەڵ دەست نیشان دەکات، ڕەنگە هەندێ جار هەوڵ بدات چارەسەریەکی بۆ بدۆزێتەوە» (سەعد فاروق،٢٠١١: ٧٠)، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەیەکی زۆر لەشیعرەکانی ئەحمەدموختاردا دەبینرێت، بەڵام ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت بیخەینەڕوو، قوڵبوونەوەیە لەبابەتەکان و خستنەڕوویانە وەک کاری توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەدەر لەئەوەی کە لەچەندین دێڕی شیعردا لەسەر ئەو ڕێرەوە کاریکردووە. ڕۆمانە چاپکراوەکەی(مەسەلەی ویژدان) بەتێکڕایی دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەیە، کە هەندێک لەو گرفتانە هەتا ئەمڕۆش لە ناو کۆمەڵگای کوردستان و هەندێک لەکۆماڵگاکانی تردا بەردەوامییان هەیە، لێرەدا چەند نمونەیەک لەو چوارچێوەیەدا دەخەینەڕوو، کەتێیاندا بیرکردنەوەی ئەحمەدموختار ئەوەندە قوڵە، کە لەسنوری زانیاری و کاری توێژەری کۆمەڵایەتیدایە، نەک شاعیرێک کە تەنها ئامانجی پێشکەشکردنی بەرهەمێکی ئەدەبی بێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لە بەرهەمەکاندا، لەو خاڵانەی خوارەوەدا بەپێی جۆری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان،نمونەی پێویست دەهێنینەوە:

٢-١-١/باسکردن و ناساندنی کەسایەتییە لاواز و هەلپەرستەکانی ناو کۆمەڵگە: هەمیشە مرۆڤی هەلپەرست و دەروون نزم لەناو کۆمەڵگەدا خاوەن کەسایەتییەکی سوک و متمانە پێنەکراون، ئەحمەدموختاریش کاتێک باسی ئەو جۆرە کەسانەی کۆڵگەکەی دەکات، جاری وا هەیە دەگاتە ئاستی جنێوپێدان و هەجووکردنیان،

چونکە باش دەزانێ زیانی ئەوانە تەنها بۆ کەسایەتی و ناوبانگی خۆیان نییە، بەڵکو چ بەهۆی خیانەتکردنیان بێت لەبەرامبەر دەستکەوتی تایبەتی، یان بەهۆی کاریگەری ڕەفتارەکانیانەوەبێت، ئەوا کاریگەری لەسەر کۆی گشتیی کۆمەڵگا دروستدەکەن، واتە ئەو جۆرەکەسانە هیچ بارێک لەکۆڵی خەڵک سوک ناکەن و خۆشیان دەبن بە کۆسپ لەبەردەم خۆشگوزەرانی خەڵک و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا:

ئەوەی بۆ پارە لایداوە لـــەمــــەسلـــەک بەجێی دانیشتنی چل مێخ و سەد سنگ

وتـم بەو حـــیـــزە:ئەمـڕۆ ڕۆژی تـۆیـە بخۆ،دانێ بەمەیلت لنگ لـــەســـەر لنگ دیوان:٧٤

*** *** ***

بێت و دەسم بدات لەدەسی پیاوی نـــاوەجـــاخ حەوجار بەئاووقوڕ دەس و پەنجەم گڵاوئەکەم دیوان:٩٠

*** *** ***

لەدنیا ڕەفیقی پیاوی کەر هەرگیز مەکە(ئەحمەد) لەدەست ئینسانی جاهیل تاقیامەت ڕبەپێ ڕاکە دیوان:١٢٥

٢-١-٢/ ئاماژەکردن بۆ بابەتی گەندەڵیی: ئەحمەدموختار وەک توێژەرێک،بەتایبەتی لە(مەسەلەی ویژدان)دا بەشێوەیەکی زۆر ورد شێوازەکانی گەندەڵی ڕوونکردووەتەوە، لەهەندێک شوێنیشدا چارەسەری بۆ دەردەکۆمەڵایەتییەکان دیاریکردووە، بۆنمونە: کاتێک باسی گەندەڵی کاربەدەستانی حکومەت دەکات لەئیش و کارەکانیاندا، کە تاچ ڕادەیەک خەڵکیان چەوساندووەتەوە و کاروباری خەڵکیان پشتگوێ خستووە لەپێناوی دەستکەوتی تایبەتی خۆیان، بەڵام کاتێک چاودێری حکومەت دێت بۆ ئاگاداری و وردبینیکردن لە ئیش و کارەکانیاندا، لەوکاتەدا بۆ هەڵخەڵەتاندنی چاودێرەکە هەندێک لەئیش و کارە خراپەکانی خۆیان پینەدەکەن. کاتێک چاودێرەکە هات: «ئەوسا کۆڵانەکان پڕبوون لەپیسی، لەتەرەف بەلەدییەوە بەدەرەجەیەک پاکرانەوە. دائیرەی ئێمە کەدەفتەر و ئەساسێکمان نەبوو، شتێکمان دروستکرد، سندوق کەخاڵی بوو هەمووی درابوو بەقەرز، پارەمان بەقەرز هێنا و خستمانە ناوی، لیباسمان کە هەموو پیس و چڵکن بوو، لیباسی جوانمان کردە بەرمان، ئەوسا کە قسەی خۆشمان جنێو و شەق بوو لەگەڵ ئەهالی، ئەمجا کەوتینە میهرەبانی و زبان شیرینی» (ئەحمەدموختار، ٢٠١٠ :٤٦)، دەبینین چۆن بەوردی و واقیعی باسی هەموو گۆڕانکارییەکان دەکات، کە وەک خۆی دەوری هەموو کاراکتەری ناو چیرۆکەکەی بەواقیعی بینیبێت، بەو شێوەیە خوێندنەوەیی بۆ لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کردووە. 

نوسەر چ لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا بێت، چ لە چیرۆکەکەیدا، هەندێکجار شیکردنەوەی دەروونی بۆ کەسەکان و بابەتەکانیش دەکات و واقیعی شتەکان دەخاتەڕوو، بۆنمونە کاتێک باسی چاوپێکەوتنی نێوان زۆراب ئەفەندی و دەروێشێک دەکات، کە دەروێشەکە لەخوێندنەوەی خۆیەوە بۆ دەسەڵات و سامانی زۆراب، باسی ئازاری ویژدان و نائارامی زۆراب دەکات، چونکە هەرچەندە ماڵ و سامانی زۆر بێت، ئەوا کاتێک سەیری دەکات هەموو ئەو ستەمانەی بیردەکەوێتەوە، کە لەخەڵکی هەژاری کردووە بۆ دەستکەوتنی ئەو ماڵ و سامانە(هەمان: ٤٤).

٢-١-٣/ تێڕوانینە ئابوورییەکان(وەک ئابووریناسێک):لەچەندین شوێنی گێڕانەوەی چیرۆکی(مەسەلەی ویژدان)دا، نوسەر شیکردنەوەی جیاواز بۆ لایەنی ئابووریی دەکات و هەندێکجار وەک ئابووریناسێک بارودۆخەکە ڕووندەکاتەوە و باسی بنەمای گرنگی ئابووری دەکات، بۆنمونە: کاتێک باسی ژیانی ئەو دوکاندارە دەکات، کەسەرەتا زۆراب کاری لەلادەکرد، چۆن ژنی دوکاندارەکە لەخەرجکردنی پارەدا زیادەڕەوی دەکرد و مێردەکەشی لەبەرئەوەی فریای ئەو خەرجیانە نەدەکەوت، بۆیە ناچار لەکرین و فرۆشتندا غەشی لەخەڵک دەکرد(هەمان : ١٨)، دەبینین نوسەر باسی لایەنێکی ئابووری دەکات،کە ئەویش کورتهێنانی بوودجە، خەرجی زیاترە لە دەستکەووت.

هەروەها باسی زیادکردنی قازانج و گەشەکردنی ئابووری و بونیادنانی پیشەسازی دەکات، ئەوەش کاتێک لە بەزمانی زۆرابەوە پێشنیاری دروستکردنی کارگەی جگەرە دەکات بۆ خاوەن کارەکەی و ئەوەی بۆ ڕووندەکاتەوە، کە دەستکەوتی مادیی زیاددەکات و ئەو بەروبومەی کە خەڵکەکە دەیهێننەبەرهەم لەبری ئەوەی بیفرۆشن بەکەسانیتر و ببرێت لە شوێنیتر بخرێتەپیشەسازییەوە، دەتوانن خۆیان سودی لێببینن و لەگارگەدا بیخەنە بواری پیشەسازییەوە(هەمان: ٢٦).

هەروەها نووسەر زۆر بەوردی و جوانی باسی هەڵسوکەوت و لایەنی دەروونی بازرگان دەکات لەکاتی مامەڵەی

کڕین و فرۆشیندا، بازرگان کاتێک دەیەوێت شتێک لەکەسێک بکڕێت، زمانیان شیرین و قسەیان خۆشە لەگەڵ فرۆشیارەکان و هەوڵدەدەن شتەکە زۆر بێنرخ و سوک بکەن، بۆئەوەی بەکەمترین نرخ لەبەرامبەرەکەیانی بکڕن، هەروەها کاتێکیش وادەی پێدانی پارەی کەرستەکان دێت کەپێویستە بیدەن بە فرۆشیارەکان، خۆیان توند و تووڕە دەکەن و بۆڵەبۆڵیانە، بۆئەوەی وا دەرببخەن کە زیانیانکردووە و پارەیەکی کەمتر بدەن بەخاوەن قەرزەکان. لە نمونەیەکدا کاتێک خەڵکە هەژارەکە هاتن بۆ وەرگرتنی پارەی توتنەکەیان و کابرای کڕیار و قەرزدار خۆی تووڕەدەکات لێیان و لەنێوان زۆراب و خاوەن دوکانەکەیدا ئەم گفتوگۆیەی خوارەوە ڕوویداوە:

قوربان ئەم حاڵەتە چییە و لەسەرچی عاجزبوویت؟ خۆ تۆ ئەوسا لەدێهاتدا زۆر بەشیرینی قسەتکرد؟

ڕۆڵە تۆ ئەم سەگبابانە ناناسیت، ئەوسا ئەگەر بەشیرینی قسەم نەکردایە توتنەکەیان نەئەدامێ، ئێستا کەتووتنی خۆمم وەرگرتووە ئەبێ وا بڵێم.

قوربان لەخسوسی ویژدانەوە چی ئەفەرموویت؟

قسەی قۆڕ مەکە! ئەگەر لەساڵێکا دستی ئەهالی چوار دێ نەبڕم، چۆن ئیدارە ئەکەم؟

ئەی بۆ ساڵی ئایندە چی؟

ڕۆڵە ئەمانە زۆر کەرن! ئەمین بە ئەمساڵ زووتر دێنەوە.( ئەحمەدموختار،٢٠١٠: ٢٤-٢٥).

هەروەها بابەتێکی تریش باسدەکات، کە هەم کۆمەڵایەتییە و هەم تەندروستیشە، ئەویش کاتێک باسی ژنی کابرای دوکاندار دەکات، کە جل و بەرگی جوان و گرانبەهایی دەپۆشیی، بەڵام خواردن و خواردنەوە و حەوشە وماڵیان لەوپەڕی پیس و پۆخڵیدا بوو.(هەمان : ١٩).

٢-١-٤/ چارەسەر بۆ گرفتەکانی ناو کۆمەڵ: ئەحمەدموختار وەک توێژەرێک، کاتێک ڕەخنە دەگرێت و باسی کێشە و گرفت دەکات، لەهەمان کاتیشدا هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو باروودۆخە دەخاتەڕوو، هەروەها ڕێگاچارەسەرییەکانیش دەستنیشان دەکات، بۆنمونە: کاتێک باسی وتاری ئاینی دەکات، ڕەخنە لەمامۆستایانی ئاینی دەگرێت، کە بەزمانێک قسەدەکەن خەڵکی ئاسایی لێیان تێناگات، کە زمانی عەرەبییە، دواتر وەک ڕیفۆرمێکی ئاینی داوادەکات شێواز و زمانی قسەکردنیان بگۆڕن و بەو زمانە قسە بۆ خەڵکەکە بکەن، کە لێی تێبگەن(ئەحمەدموختار،٢٠١٠: ٣٣).

هەروەها چارەسەری دەردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی تر دەبەستێتەوە بەخوێندەواری و هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگەوە، داوا دەکات خەڵک چەکی زانست و زانیاری و خوێندەواری هەڵبگرن و خۆیان لەو دۆخە نەگونجاوە ڕزگار بکەن:

غەیری مەکتەب بۆ تەداویی ئێمە هیچ دەرمان نییە  هیچ سیلاح چاتر لەعیلم و سنعەت و عیرفان نییە  دیوان:١٠٦

*** *** ***

لەخەو هەڵسن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە  هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم  بــەگــورجی ببڕن ئەو ڕێگەدووری وا لەبەرتانــە

بخوێنن،چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان  هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە  دیوان:١٤٦

**٢-٢/ عاشقێکی ڕاستەقینە(عارفێکی عاشق):** ئەگەر باسی بابەتی دڵداری بکەین لەشیعرەکانی ئەحمەدموختاردا، ئەوا دەبینین شاعیر «سەرەتا بەناوی شیعری غەرامییەوە هاتەپێشەوە، بەڵام لەپایەی یەکەما نەفسییەتێکی نیشتمانی و لەدووهەما غەرامی هەبووە»(عەلائەدین سجادی، ١٣٩١: ٥٣٧)، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی دڵداری سادە ناکەین، بەڵکو باسی حاڵەتێکی قووڵتری خۆشەویستی دەکەین، کە ئەویش(عەشق)ە. لەم بارەیەوە دەوترێت: «عیشق دەگمەنترین و دانسقەترین شتی دونیایە،کە هیچ بەهایەک بەرامبەری نیە بتوانێت جێی بگرێتەوە،بۆیە باشترین شت ئەوەیە تەسلیمی مەعشوقی ڕاستەقینەی بکەیت» (تەحسین حەمەغریب، ٢٠٠٧: ٢٢).

ئەحمەدموختار لەچەندین دێرەشیعردا بنەماکانی عەشق دەردەبڕێت، جا چی عەشقەکە عەشقێکی حەقیقیی بێت، یان

عەشقێکی مەجازیی بێت. شاعیر باسی حاڵەتی عاشقیی ڕاستەقینە دەکات، بنەماکانی عەشقەکە دەخاتەڕوو،کە چین و چۆنن؟ بۆ نمونە لەدێڕێکدا دەڵێت:

گەدایی وسواڵکەری بەرماڵەکەی،دەسم کەوێ ڕۆژێ      خوانەیکا کەمن بیدەم بەتەخت وتاجی سوڵتانی      دیوان:١٧٦

شاعیر ئاماژە بۆ بنەمایەکی گرنگی عەشق دەکات، کە ئەویش ڕەزامەندی و نزیکییە لە مەعشوقەوە، کە بەلای عاشقی ڕاستەقینەوە ئەوە لەهەموو شتێک گرنگترە و بەهیچ دەستکەوتێکیتر بەراورد ناکرێت، چونکە ئەوە ئاسوودەیی و ئارامی بەگیان و دەروونی مرۆڤی عاشق دەبەخشێت(تەحسین حمەغریب، ٢٠٠٧: ٢٥)، هەر لەسەر هەمان بنەمایە، کە هیچ ئێش و ئازار و ناخۆشییەک هێندەی دووریی مەعشوق سەخت نییە، وە بەپێچەوانەشەوە ئەگەر مەعشوق ئامادەبێت، ئەوا هەموو ئازار و ناڕەحەتییەکان ئاسانتر و سوکتر دەبن و خێراتر تێدەپەڕن. شاعیر دەڵێت:

نەخۆشی خۆشترە لای من لەساغی وسیحەت ئەی جانا

ئەگەر یەک هەفتە جارێ بێی بپرسی چۆنە ئەحواڵت      دیوان:٦٥

شاعیر تەنها بەباسکردنی بنەماکانی عەشقی ڕاستەقینەوە نەوەستاوە، بەڵکو بە وردی پێناسەی کەسی عاشق دەکات و شیکردنەوە بۆ هەست و سۆز و بیروباوەڕی دەکات لەبەرامبەر مەعشوقەکەیدا. وەک ئەو دوو نمونەیەی خوارەوە:

ڕەسمی عاشق واز لەڕۆح هێنانە بۆ دڵداری خۆی      ڕووڕەشم گەر من لەڕێتا تەرکی ڕۆح و سەر نەکەم

بێت و بۆم دەس دا تەماشای پەرچەم و ڕوخساری تۆ      شێتم ئەر تەرکی وەنەوشە و لالەیی ئەحمەر نەکەم      دیوان:٨٥

***      ***      ***

مردن و سووتان و قوڕپێوان وەزیفەی(ئەحمەد)ە      تەرکی سەرکردن لە عەشقا چاوەکەم کاری منــە      دیوان:١٥٨



**ئەنجام**

بەرهەمی ئەدەبی ئەحمەدموختار جاف، تێکڕا بانگی هۆشیاری کۆمەڵگایە و ئاڕاستەکردنە بەرەو بنەما باڵاکانی پێشکەوتن و پەروەردەی تاکەکان لەسەر چاکەخوازی و خۆشەویستی نیشتمان. شیعرەکانی ئەحمەدموختار جاف پڕن لەبنەمای فەلسەفی و دانایی و بەرچاوڕوونی، کە دەتوانرێت بکرێن بە بنەمای پەروەردەیی بۆ کۆمەڵگا و نەوەی ئێستا و داهاتووش.

ئەحمەدموختارجاف بەواتای وشە کەسێکی ڕۆشنبیربووە و لە زۆربەی زانستەباوەکانی سەردەمی خۆیدا شارەزایی زۆرباشی هەبووە و شارەزاییەکەی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. بەرهەمەکانی تۆمارێکی مێژوویی نین، بەڵکو کاتێک خوێنەر دەیانخوێنێتەوە، وا هەستدەکات لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا نوسراون و باسی دەردە کۆمەڵایەتی و سیاسی ،،، ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەکات و چارەسەریان بۆ دادەنێت.

لە چیرۆکی (مەسلەی ویژدان)دا، ئەحمەدموختار جاف بەڕوونی داوای شۆڕشی هۆشیاربوونەوە و چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە میللەتەکەی دەکات. ئەحمەدموختار، ڕووداوەکۆمەڵآیەتی و جوڵەی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکەی بەشێوەیەک داڕشتووە، کە وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و دەرونناسێک،شارازایانە ڕووداوەکانی گێڕاوەتەوە.

**سەرچاوەکان**

ئەحمەد بەگی وەسمان پاشا دیوانی ئەحمەد موختار جاف ،ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆنووسینی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦ .

ئەحمەد موختار جاف، مەسەلەی ویژدان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

تەحسین حمەغریب، دڵ و چاو، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، ٢٠٠٧.

ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر، ٢٠١٠.

سەعد فاروق شێخ بزێنی(مامۆستا)، بنیاتی هونەری لەشیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠١١.

علائەددین سججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان ،سنە ١٣٩١.

عەبدولکەریم حەمید عەبدوالکریم، ئەحمەد موختار بەگی جاف-شاعیر و مرۆڤ-، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

کاروان عوسمان خەیات، کۆبەرهەمی ئەحمەد موختار جاف، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کوردستان، سنە، ٢٠١٩.

مارف خەزنەدار(دکتور)، مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠.

هێمن کریم(دکتور)، ڕوونبێژی لەشیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێدار، ٢٠٢١.

هێمن کەریم، لێکدانەوەی هێماکانی چاو و پەیوەستەکانی لەشیعری حافز و ئەحمەد موختار جافدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)، دووەمین کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتیی توێژینەوەی زمان و وێژەی کوردی و فارسی (زمان ناسی و بووتیقا)، ٩-٢٠١٩/٦/١٠، زانکۆی کوردستان سنە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، دیداری تایبەت بە شاعیر ئەحمەد موختار جاف،(6)نوسەر ،چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

**گۆڤارەکان:**

گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٥)، ساڵی ٢٠٠١.

govara kurdinameye ya navnetewei، ژمارە ٥، نۆڤەمبەری ٢٠٢١.

سایتی گۆڤاری کۆچ، https://govarikoch.com/، ١٩/١٠/٢٠٢٢.